# ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئایا حەز دەکەن شتی زیاترتان پێببەخشم؟

له سوهه‌یبه‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئه‌گه‌ر خه‌ڵكی به‌هه‌شت بچنه‌ به‌هه‌شته‌وه‌، خوای گه‌وره‌ -تبارك وتعالى- ده‌فه‌رموێت: «ئایا حه‌ز ده‌كه‌ن شتی زیاترتان پێببه‌خشم؟» ده‌ڵێن: ئایا ڕووومانت سپی وگه‌ش نه‌كرد؟ ئایا ئێمه‌ت نه‌كرده‌ به‌هه‌شته‌وه‌ ورزگارت نه‌كردین له‌ دۆزه‌خ؟ خوای گه‌وره‌ په‌رده‌ لاده‌دات، هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی په‌روه‌ردگار -عز وجل- له‌ لایان خۆشه‌ویست نابێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، ئەوا خوای گەورە -تبارك وتعالى- پێیان دەفەرموێت: ئایا دەتانەوێت شتی زیاترتان پێببەخشم؟ خەڵکی بەهەشت دەڵێت: ئایا ڕووومانت سپی وگەش نەکرد؟ ئایا ئێمەت نەکردە بەهەشتەوە ورزگارت نەکردین لە دۆزەخ؟ خوای گەورە پەردە لادەبات وبەرزی دەکاتەوە؛ پەردەکەی لە نور ورۆشناییە، بۆیە هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی پەروەردگار -عز وجل- لە لایان خۆشەویست نابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8344

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee